# پرسيار و گومان

حەمەسەعيد حەسەن

ژمارەی قوربانييەكانی بەعس:

بە كوژراوانی سەردەمی <ئاشتی>و جەنگەكانەوە،

بە ئەتككراوانی نێو زيندانان و بە ئەندامی لەش لەزايەبووانی شەرگەكانەوە،

بە ديلەگانی جەنگ و چارەنووس بزرەكانەوە،

بە نێچيرانی گورگی ئەنفال و ژاربارانەوە،

بە لە نيشتمان هەلاّتووان و ئاوارەكانی دەستی چەپەڵی ڕاگوێزانەوە،

نزيكەی سێيەكی خەڵكی عێراق دەبێ. ئاخۆ ئەگەر ئەمريكا هەوڵی ڕووخاندنی بەعس بدات، بە لە بەرچاوگرتنی زيانەكانی جەنگەوە، هەر بە قازانجی گەلانی عيراق ناشكێتەوە؟ بەلاّم كەنگێ ئەمريكا قازانجی خەڵكی عێراقی مەبەست بووە!

بەهاری ١٩٩١سەرەوەختی ڕابوونی جەكاوەری باشووری عێراق، ئەگەر ئەمريكا بێ لايەن بووايە، ڕاپەڕيوان كە لووتی شكۆی بەعسيان شكاندبوو، دەشيان ڕووخاند، لێ ئەمريكا ڕاپەڕيوانی چەك كرد و ڕێی بە عێراق دا بە هۆی هاليكۆپتەرە جەنگييەكانييەوە ڕاپەڕين دابمركێنێتەوە، ئەگەر مانەوەی بەعس لە بەرژەوەنديی ئەمريكادا نەبوايە، لە مێژ بوو، ڕووخاندبووی.

سەددام ئەگەر دەسەلاّتی هەبێ، هيچ بە كورد نادا، ئەگەر دەسەلاّتيشی لە كيس بچێ، ئەوا هيچی نابێ، تا بە كوردی بدا، ئيدی بۆچی كورد هەميشە دۆستی دوژمنانی  سەددام نەبێ؟ ئايا سيناريۆی ڕێگاچارەی ئەفغانی بۆ ێراق، ئەگەر بە مەرگی دەسەلاّتی بەعس تەواو ببێ، لە بەرژەوەنديی كورددا نييە؟ ئايا بەعس لە تاليبان و قاعيدە فاشستتر نييە؟ ئايا سەددام لە مەلا عومەر و بن لادن تيرۆريستتر نييە؟ ئايا ڕژێمی لە بەعس دڕندەتر هەيە؟ يان دەبێ؟ تا هەر لە ئێستاوە بۆ داهاتووی ناديارى عێراق، ترسمان لێ بنيشێ؟

هيچ ناسيوناليستێكی عەرەب، هێندەی ڕێ بەرانی كورد بە بەتەنگ يەكپارچەيی عێراقەوە نييە. ئەگەر يەكپارچەيی عێراق، بە بندەستيی كوردستانەوە بەند بێ، بۆچی خوازياری پەرتبوونی نەبين؟

بەشێكی گرنگ لە قارەمانانی ڕاستەقينەی ئەنفالەكان هەنووكە لە كوردستانی ئازاددا ئەوپەڕی ڕێزيان لێ دەگيرێ. پدك و ينك  سەنگەری خەزرەجی، ئئەی بە پلەپەيژەی كاولكردنی كوردستان و قەلاّچۆكردنی كورددا گەيشتە بلّندترين پۆستی لە لەشكری (دلێری) عێراقدا، هەلّدەبژێرن. ئەوەتا كە سەعاتی سفری شەڕی ئەمريكا دژی بەعس نزيك دەبێتەوە، بە بيانووی (دەبێ عێراقييەكان چارەنووسی عێراق دياری بكەن)ەوە، تەنانەت لايەنی سەدداميش دەگرن، كە ئەمريكا لە تاليبانی دا، پدك و ينك هێلكەكانيان لە سەبەتەی (بوش)دا دانا، كەچی كە باس لە لێدانی بەعس دەكا، لە سەبەتەی سەدداميان دادەنێن!

يەكێك لە لايەنە هاوبەشەكانی نێوان مەنسوور حيكمەت و سەددام حسێن ئەوەيە، هەردووكيان تێكشكانەكانيان بە نرخی سەركەوتن بە دەروێشانيان دەفرۆشن، ئاخۆ ميم حيكمەت وەك چۆن  لە تاليبان دانی شەرمەزارد نەكرد، لە بەعس دانيش (مەحكوم) ناكا؟ يان سەرقاڵی دانەوەی ئەو نانانە دەبێ كە بەقەرز وەری گرتوون؟ تۆ بلێی بەعس بە دوژمنێكی سەرسەختی

ئیمپریالیزم نێوزەد بکات و دژی لێدانی بێ؟ لە چرکەی کۆتاییدا سەددام سەر بۆ هەموو خواستەکانی ئەمریکا شۆڕ دەکات و مەنسوور بەرەو ڕووی ئەو تەنگژەیە ناکاتەوە.

بە ڕاست ئێمە لە ژێردەستی زیاتر، چ خێرێکمان لە عێراقێکی یەکگرتوو دیوە؟ لەشکری ترسنۆکی لە ژمارە نەهاتووی عێراق، ئەوی بە بەر چاوی دنیاوە، چەکمەی سەربازی ئەمریکایی ڕامووسی، هەمیشە لە ئاستی سیڤیلی کورددا، خۆی وەك شێر نیشان نەداوە؟ ئەوەندە ڕقم لە تاپۆی جەنگە، وەختێ شك نابەم بۆ پەرستنی پەیگەری ئاشتی، وەلێ ئەگەر جەنگ لەتلەتبوونی عێراق و تەفرووتوونابوونی دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی بەعس لێ بکەوێتەوە، با بێ، بە خێر بێ. کێ دەڵێ ڕزگاربوونی کوردستانیشی بە دوادا نایەت و ئەرکی ئەو ڕیفراندۆمەشمان لە کۆڵ نابێتەوە، کە حککع بۆ دەکا

٢٠٠١/١٢/١٥

©Kurdistan Net